# نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورە لە سەر جولەکە وگاورەکان، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت

لە عائیشە وعبد الله کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێن: کاتێك پێغەمبەری خودا -صلی الله علیە وسلم- تووشی نەخۆشیە سەختەکە بوو ؛ پارچە قوماشێکی دا بەسەر ڕوویدا، ئەگەر تووشی هەناسە تەنگی بووایە ؛ لەسەر ڕووی لایدەدا، لەسەر ئەم حاڵەتە ؛ فەرمووی: «نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورە لە سەر جولەکە وگاورەکان، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت» ؛ هۆشداری دەدا لە ئەم کارەیان.
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە وعبداللەی کوڕی عەباس -ڕەزایان خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم- کاتێك لە کۆتا ساتەکانی ژیانیدا بوو ؛ پارچە قوماشێکی لەسەر ڕووی دادەنا، ئەگەر هەناسەی توند بووایە بەهۆی سەرەمەرگ ؛ لەسەر ڕووی لایدەدا. کاتێك لەم حاڵە سەختەدا بوو فەرمووی: نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورە لە سەر جولەکە وگاورەکان و لەڕەحمەتی خۆی دووریان بخاتەوە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی مزگەوتیان لەسەر گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دروست دەکرد. ئەگەر بابەتەکە زۆر ترسناك نەبووایە ؛ لەم حاڵەتە سەختەدا باسی نەدەکرد، وهەروەها نەهی کردووە لە ئومەتەکەی ئەو کردەوەیە بکەن ؛ چونکە خۆشوبهاندنە بە جولەکە وگاوڕەکان، وهەروەها هۆکارە بۆ شیرك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە -عز وجل-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3330

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee